# کوردستان

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بڵاوی دەکاتەوە

www.kurdistanmedia.com

ژمارە ٨٦٨ ▌ چوارشەممە ١٥ی خاکەلێوەی ١٤٠٣ _ ٣ی ئاوریلی ٢٠٢٤

دابینکردنی مافە نەتەوایەتییەکانی گەلی کورد لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکی فێدراڵدا

**مستەفا هیجری:**

## ئیلام و کرماشان بەشێکی هەمیشەیی و دانەبڕاوی نیشتمانن

**کوردستانییانی هێژا!**

لە ڕۆژانی پێش هاتنی نەورۆز لە پەیامێکدا پیرۆزبایی نەورۆزم ئاراستەی ئێوەی خۆڕاگر کرد. بەڵام ئەوەی وای کرد جارێکی تر چەند ڕستەیەک لەو بوارەوە بڵێم، ئەو جۆش و خرۆشەی ناوچەکانی خواروی خۆرهەڵاتی کوردستانە.

ئەم نەورۆزە لە زۆر ڕەهەندەوە نەورۆزێکی تایبەت بوو، لە هەمووان تایبەتیتر حەماسەتێک بوو کە کوردستانییانی پارێزگاکانی ئیلام و کرماشان بە نەورۆزی ئەمساڵیان بەخشی. لێرەوە دەمهەوێ بڵێم، دەرکەوتن و حەماسەتێک کە لە خۆتان پیشانتان دا، دونیایەک ورە و ئیرادەی بە بزاڤی ڕزگاریخوازیی کوردستان بەخشی. ئەو ڕێزە کوردستانییە کە لە خۆتان پیشانتان دا، ئیرادەیەک بوو کە ڕێژیمە پاوانخوازەکان بۆ دەیان ساڵە ویستوویانە ڕێگریی لێ بکەن و نەهێڵن ئێوە خۆتان بە کورد و کوردستانی بناسێنن. بەڵام یەکانگیریی ئێوە لە نەورۆزی ئەمساڵدا سەلماندی کە بەشێکی هەمیشەیی و دانەبڕاوی نیشتمانن.

نەورۆزتان پیرۆز و بمێنن بۆ کوردستان!

**ناوەندی بەڕێوەبەریی گشتیی حیزبی دێموکرات**
**مستەفا هیجری**

**نەورۆزی شوناسخوازی**

# شەکانەوەی ئاڵای خەبات و یەکگری لە کەوشەنی کورددا



## ئێعدامکرانی ١٣٢ بەندیی کورد لە ١٤٠٢ی هەتاویدا

لە ماوەی ساڵی ١٤٠٢دا لانیکەم ١٣٢ بەندکراوی کورد لە ئێران ئێعدام کراون کە بەپێی ڕێژەی حەشیمەتی کورد لە ئێران و ئاماری ئێعدامەکان لەو وڵاتە دەردەکەوێ کە لەو بوارەی پێشێلکردنی مافی مرۆڤیشدا، کورد هەر بەشی شێری بەرکەوتوە.

بەپێی ڕاپۆرتی ناوەندی مافی مرۆڤی ڕۆژهەڵاتی کوردستان (چاونیوز) بەشی هەرە زۆری ئەو کەسانەی لە ساڵی ١٤٠٢ لە کوردستان ئێعدام کراون، بەتۆمەتی پێوەندیدار بە مادەی هۆشبەر و کوشتنی بەئانقەست لەدار دراون. هەروەها ١٤ کەس لەو بەندکراوانە زیندانیی سیاسی و باوەڕمەندی ئایینی بوون کە ناوەکانیان بریتین لە: هێمن مستەفایی، قاسم ئابستە، ئەییوب کەریمی موحسن مەزلووم، پژمان فاتحی، وەفا ئازەربار، محەممەد (هەژیر) فەرامەرزی، فەرهاد سەلیمی، داوود عەبدوڵڵاهی، نەسیم نەمازی، ڕەحمان پەرهازوو، ئارام عومەری بەردیانی و وەفا هەناره.

ئێعدامکرانی ١٣٢ بەندکراوی سیاسیی سیاسی کورد و تاوانبارە کۆمەڵایەتییەکان لە ساڵی ١٤٠٢ لە حاڵێکدایە کە ئێعدامەکان لە کوردستان لە ماوەی ساڵی ڕابردوو (١٤٠١) لانیکەم ٨٧ کەس بوو کە بەو پێیە هەڵکشانێکی بەرچاوی تێدا بەدی دەکرێت.

هەر بەپێی ئاماری چاونیوز لە ماوەی ساڵی ١٤٠٢ی هەتاویدا لانیکەم ٤١٠ کۆڵبەر و کاسبکاری کورد بوونەتە قوربانیی سیاسەتی کوردکوژیی کۆماری ئیسلامی. لەو ٤١٠ قوربانییەی ئەمساڵ ٤٦ کەسیان کوژراون و گیانیان لەدەست داوە، هەروەها ٣٦٤ کەسیش بریندار بوون. هەروەها لە ماوەی ساڵی ١٤٠٢دا لانیکەم ٩٦٠ کەس لە خەڵکی ئاسایی و چالاکانی مەدەنی و سیاسی گیراون. لەو ٩٦٠ کەسەی لە ماوەی ئەمساڵدا دەسبەسەر کراون، لانیکەم ٢٤٢ کەسیان دادگایی و سزای لە مانگێک هەتا سزای ٢٥ ساڵ زیندان و تەنانەت سزای ئێعدامیان بەسەردا سەپاوە و سەرجەم ٧٣٠ ساڵ زیندانیان بەسەردا سەپاوە

## مستەفا هیجری:
## ڕێبازی نەتەوەیی پێشەوای کوردان بەزیندوویی ماوەتەوە

١٠ی خاکەلێوەی ١٣٢٦ی هەتاوی، لە مێژووی نەتەوەکەماندا وەبیرهێنەرەوەی ڕووداوێکی دڵتەزێن و لەبیر نەکراوەیە.

لەم ڕۆژەدا، پێشەوا قازی محەممەد، سەرۆکی کۆماری کوردستان وێڕای ئەبولقاسمی سەدری قازی و محەممەدحوسێن خانی سەیفی قازی لە سێدارە دران، بەڵام ناو و ناوبانگیان بوو بە ڕەمزی مێژووی خەبات و بەرخۆدانی کوردستانییان.

خەڵکی کوردستان لەم ڕۆژەدا کە بە «ڕۆژی شەهیدانی کوردستان» ناودێر کراوە، سەردانی گڵکۆی شەهیدان و بنەماڵەکانیان دەکەن و پەیمانی درێژەدان بە ڕێبازی شەهیدان نوێ دەکەنەوە.

١٠ی خاکەلێوە، مانایەکی هاوبەشی لای کوردستانییان هەیە، ئەویش درێژەدان بە ڕێبازی پڕ لە سەروەریی شەهیدان و زیندووڕاگرتنی ڕێبازی نەتەوەیی پێشەوای کوردانە.

لەم ڕۆژەدا، وێڕای سەری ڕێز دانەواندن بۆ گیانی پاکی شەهیدانی کوردستان و پەیمان نوێکردنەوە لەگەڵ ڕێبازەکەیان، سڵاوی وەفا دەنێرین بۆ سەرجەم بنەماڵەی سەربەرزی شەهیدان.

**مستەفا هیجری**
**بەرپرسی ناوەندی بەڕێوەبەریی گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران**
**٩ی خاکەلێوەی ١٤٠٣ی هەتاوی**

## یادی شەهیدان لە مەزاری شەهیدانی حیزبی دێموکرات بەرز ڕاگیرا



ڕۆژی پێنجشەممە ٩ی خاکەلێوەی ١٤٠٣ی هەتاوی بەبۆنەی ١٠ی خاکەلێوە ساڵڕۆژی لەسێدارەدانی پێشەوا قازی محەممەد و هاوڕێیانی و ڕۆژی شەهیدانی کوردستان، لە گۆڕستانی شەهیدانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران یادی شەهیدان ڕێگای ئازادی و سەربەستیی کوردستان بەرز ڕاگیرا.

لەو یادەدا کاک مستەفا مەولوودی، ئەندامی ناوەندی بەڕێوەبەریی حیزبی دێموکرات، خاتوو گەلاوێژ ئازەرەنگ هاوسەری شەهید ئەیووب هونەروەر و کاک زانیار ڕەحمانی هاوسەری شەهید ڕەیحانە کەنعانی و باوکی شەهید وانیار ڕەحمانی لە شەهیدانی مووشەکبارانی ٦ی ڕەزبەری ١٤٠١ی هەتاوی، تاجەگوڵینەی وەفا لەسەر گۆڕی شەهیدان دانرا. دواتر کاک مستەفا مەولوودی بەم بۆنەیەوە وتارێکی پێشکێش کرد.

**گوتاری نەتەوەیی ئێمە و ئاڵنگارییەکانی بەردەمی**
د. ئاسۆ حەسەن‌زادە
٤

**کوردستان لە قاپی ڕێوڕەسمە نەورۆزییەکاندا**
سمایل شەرەفی
٦

**کۆماری نەورۆزی مەشخەڵانی کوردستان**
تاهیر قاسمی
٨

**پاڵپشتی سەنگەر**
ئاسۆ مینبەری
٩

**نەورۆزی کوردستان بە کاتی شۆڕشی ژینا**
نەهیە خۆشکەلام
١٠

